

# برژانگی درێژ جوانیی ڕوخساره

کاتێك برژانگێکی درێژت دەبێ، چاوەکانت زیاتر دەگەشێنێتەوە و بەم چەشنەش ڕوخسارت کراوەتر و گەشاوەتر دەردەکەوێت، خانمان هەمیشه ئاگاداری برژانگەکانیانن و بە ناسکی و وردی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، بەڵام وێڕای ئەو گرنگیدانەش، هەست دەکەن درێژیی برژانگیان لە ئاست داواکاریی دڵیاندا نییە، بۆ چارەسەری ئەو گرفتەش چەند مارکەیەك برژانگی دەستکردیان داهێناوە، کە بە (long lashes for ever) ناسراوە، کە جگە لەوەی بۆ جوانی دادەنرێت، هەروەها برژانگیش بەهێز و درێژ دەکات. ئەو برژانگی دەستکردانە، جۆرە ماددیەکی شللی تێ کراوە، کە ماددەی (بماتۆبرۆست)ی تێدایە، کاتێك ویستت شلەی برژانگ، یان ماسکارا هەڵبژێریت، ئەو جۆرە دیاری بکە، کە برژانگت بەهێزتر و درێژتر دەکات، هەروەها هەندێ ئامۆژگاریی خانمایان کردووە، کە دەموچاویان بە ئاوی زۆر گەرم نەشۆن، هەروەها لە کاتی ماسکارا کردندا، ڕەگی برژانگەکانیان بە توندی ڕانەکێشن و بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، کەرەستەکانی ماکیاجیش شەوانە لەسەر برژانگ نەمێنێتەوە.




# هەڵبژاردنی ڕەنگی جلوبەرگ

هەڵبژاردنی ڕەنگ بۆ جلوبەرگ دوو ئەوەندە قورسترە لە دەستنیشانکردنی ماکیاژێك، کاتێك پێویستت بە دەستینشاکردنی ڕەنگێکە بۆ جلەکانت، هەمیشە دوودڵ و نیگەران دەبیت، ئاخۆ چ ڕەنگێك لەگەڵ مۆدی جلەکانت و ئەو وەرزەی تیایدایت، دەگونجێت، بۆیە واباشترە بەپێی ڕێنمایی پسپۆڕەکانی جوانکاری بڕۆیت، ئەوکاتەش هیچ گرفتێکت بۆ دروست نابێت و، جلەکەشت لە ڕەنگێکی شیکدا هەڵدەبژێریت. لە وەرزی هاویندا، هەمیشە لە ڕەنگە دژەکان دووربکەرەوە، کە بەیەکەوە لەبەر دەکرێن، وەك: زەرد و شین، یان سوور و سەوز، کاتێك ئەو ڕەنگانە لەیەك پۆشاکدا بن، دەبێتە هۆی نەشیاویی جلەکەت، هەروەها ڕەنگی پێستیشت دەمژێت و ونی دەکات، هەندێك ڕەنگی دیکەش هەن، کە ڕەنگدانەوەی تیشکی هەتاون، ئەوانیش جوانیت دەشێوێنن، وەك: سەوز و پرتەقاڵی، یان سوور و پرتەقاڵی، هەوڵبدە هەمیشە ڕەنگەکانی (سوور و شین و زەرد) بە تەنیا لەبەر بکەیت. کاتێك ڕەنگ بۆ جلەکەت هەڵدەبژێریت، تێبینیی ڕەنگی پێستیشت بکە، هەروەها ڕەنگی چاو و ماکیاژیشت لەبەرچاو بگرە، بۆ جلێکی شیك، هەمیشە گرنگی بە ڕەنگەکانی (ڕەش و سپی و ڕەساسی) بدە، ئەگەر جلەکەت سادە بوو.

# پێڵاوی نزم مۆدێکی ناسک و سەرنجڕاکێش



ئەوانەی خولیای پێڵاوی پاژنە بەرزن، زۆربەیان بەهۆی پشت ئێشەوە بێزار دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا حەز بەو جۆرە پێڵاوە دەکەن، پسپۆڕانی جوانکاری توانیویانە بەسەر ئەو گرفتەشدا زاڵ ببن، بەجۆرێك کە هەڵساون بە دروستکردنی پێڵاوی پاژنە بەرزی نزم، واتە شێوەی وەك پێڵاوی پاژنەبەرزە وایە، کەچی پاژنەکەی نزمە و وردە، مۆدی (kitte heels) جوانترین مۆدەکانی پێڵاوی بۆ ئەم وەرزە ئامادە کردووە، کە بریتیین لە: پێڵاوی پاژنە بچووك، بۆ دەرچوون و گەشت و دانیشتنی شەوانەش لەپێ دەکرێت، لەگەڵ کراسی درێژی وەك عەزی، یان فوستان مۆدێکی نایاب دەبەخشێت، مۆدێکی دیکەی پاژنەنزم، بریتیین لە پێڵاوی پاژنە ڕاست، واتە پاژنەکەی لەگەڵ ژێرەوەی یەك ئاستە، بەم چەشنە هەستێکی خۆشت پێ دەدات و تەنانەت بۆ ماوەیەکی زۆریش لە پێت بێت، بێزارت ناکات، ئەو جۆرە پێڵاوە لەگەڵ کراسی درێژی ڕەش گونجاوە، بە تایبەت ئەگەر ڕەنگی پێڵاوەکە برۆنزی، یان زیوی بێت، وەك خانمێك هەوڵبدە ڕەنگی پێڵاوەکانی پاژنە نزم جیاواز بن لەگەڵ ڕەنگی جلەکەت، تا جوانی و ناسکیی پێڵاوەکە دەربکەوێت، هەر یەکە لە مارکەکانی (roger vivier و Bottega veneta ئەو جۆرە مۆدەی پێڵاویان لەگەڵ جلی کاجواڵیش ئامادە کردووە، تا شێوازێکی شیکی هەبێت بۆ خانمان.



## فیلم



**The 8th Night - هەشتەمین شەو**

فیلمێکی ترسناك و مایسترییە، باس لە کەسێك دەکات، کە بە دەستێك تەورداسێکی بە دەستەوەیە و دەستێکی دیکەی تەسبیح، دوای ڕۆحێك دەکەوێت کە تەمەنی هەزاران ساڵە، زۆربەی مرۆڤی بردووە




## کاریکاتێر

باس لە ڕاکردنی مرۆڤ دەکات لە بەرامبەر ڤایرۆسەکان بە گشتی و ڤایرۆسی کۆرۆنا بە تایبەتی، کە دواجار ڤایرۆسی دەڵتای هیندییە و، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بڵاوبۆتەوە، کاریکاتێرەکە باس لە هەڵاتنی هەموو جۆرە چین و توێژێکی خەڵك دەکات.

## بەلەم و کەشتیی شووشە



لەئێستادا کۆمپانیاکان سەرقاڵی ئەوەن کە بیرۆکەی دانانی تابلی وزەی خۆر لە نێو بەلەم و کەشتییەکاندا دابنێن، کە ڕاستەوخۆ وزە لە تیشکی خۆر وەربگرێت و دواتر بارهەڵگری بکەن، جگە لەوەش پەرەیان بە شێوە و ماددەی بەلەم داوە، کە لە دار و پلاستیك و ئاسنەوە بگۆڕدرێت بۆ شووشە، سەرەتای ئەو کارە لەلایەن دەریاوانێکی هۆڵەندی بە ناوی (ڤان دێر شێر)ـەوە بوو، بەلەمێکی لە شووشە دروست کرد، کە بە تیشکی خۆریش کار دەکات، خێراییەکەی دەگاتە (١٥) کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا، ئەو جۆرە بەلەمە لە شووشە و ماددەی پلاستیك دروست کراوە، هەروەها دروستکرنەکەی نزیکەی (١٦٥) هەزار دۆلاری تێچووە.




### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کۆمەڵە پرسیارێکی زۆر مێشکی داگیرکردویت و نازانیت وەڵامەکانیان چییە، ئامۆژگاری دەکرێیت بەدوای وەڵامەکان بگەڕییت، چونکە زۆر ڕاستیت بۆ دەردەکەوێت، کەسێکی ئەرێنیت و کاریگەریت لەسەر کەسانی چواردەورت هەیە، ئەم کاریگەرییە بەکاربهێنە بۆئەوەی یارمەتییان بدەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کارەکانت بە جوانی ئەنجام بدە، هەوڵ بدە داهاتووت مسۆگەر بکەیت، هەوڵ بدە ئەو ناحەزانەت لەبیر بکەیت، کە لە ڕابردودا پەیوەندیتان هەبووە، چونکە کاتی ئەوە نییە ڕق لە دڵتدا هەڵبگریت، بەڵکو کاتی بەخشینی خۆشەویستییە، ڕێگە بدە خێزانەکەت بزانن کە چەند بۆیان گرنگیت و خۆشت دەوێن.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە نێوان خۆت و کەسانی چواردەورتدا جۆرێك لە گونجاندن هەیە، هەروەها کەسێکی گرنگیت لە ژیانی زۆر کەسدا، ئەمەش چانسی ئەوەت دەداتێ کە پەیوەندییەکی هاوڕێیەتیی قوڵ دروست بکەیت، ئێستا لەرووی پیشەییەوە کاتێکی باشە بۆئەوەی دەست بە جێبەجێکردنی پلانەکانت بکەیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە کاتی باسکردنی کێشەکانتدا هەوڵبدە ڕاشکاو و کراوە بە، پێویست ناکات خۆت توشی سترێس و دڵەڕاوکێ بکەیت و کێشەکان لە ناخی خۆتدا بهێڵیتەوە، ڕێگە بدە کەسانی دیکە هاوکاریت بکەن، لەگەڵ هاوڕێکانتدا کاتێکی گونجاو بدۆزەرەوە، بۆئەوەی دەربارەی ژیانی تایبەتیتان قسەبکەن.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢


هەنگاوەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە، کەسێکی زیرەك و سەرکەوتوویت، بۆیە خۆت گرنگی بە خۆت بدە، پڕیت لە چالاکی و وزە، شەرم مەکە لەوەی لە کەسانی دیکە نزیك ببیتەوە و پەیوەندییەکانت بەهێزبکەیت، ناسینی هاوڕێی نوێی ئەزمونکردنی گۆڕانکاریی گەورە لە ژیانتدا دروستدەکات.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەمیشە بە دوای ئەرکی تازەوە بە، کەسێك چاودێریت دەکات، ژیان پڕە لە سوپرایزی خۆش، دڵتەنگ مەبە کاتێك شتەکان بە خواستی تۆ نابن، هەندێك کات چارەسەری کێشەکان لەوە نزیکترن کە تۆ بیرت لێ کردوەتەوە، لەلایەنی تەندروستییەوە پیشتگوێخستنی خۆت پەشیمانت دەکاتەوە لە داهاتودا.





بۆ ئەوەی بۆ جەهەنمیان ببات، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٥٥) خولەکە، لە دەرهێنانی (کیم تای هیایۆنگ) لە وڵاتی کۆریا بەرهەم هاتووە، لە نواندنی (نام داریۆم، کیم یۆ جۆنگ، لی سونگ مین، پارك های جۆن)ـە.



# بۆ زانیاریت

## بارانی دەستکرد

ڕێگەیەکی تازەیە کە زاناکان دایانهێنا بۆ ئەو ناوچانەی کە لە جیهاندا بارانی کەمیان لێ دەبارێت، تا بارانی لێ ببارێنن، یەکێك لەو ڕێگایانەی کە بۆتە مایەی سەرنج بۆ بەرهەمهێنانی باران، بریتییە لە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان(drone) یان، فڕۆکەی ئاسایی، توێژینەوەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی ڕێژەی ئەو ماددەیە بدۆزنەوە کە فڕۆکەکە پێویستە هەڵی بگرێت و لە ناو هەوردا بڵاوی بکاتەوە، تا دەستبەجێ باران ببارێت، ئەمەش لە بیابانەکانی ئەمریکادا تاقیکرایەوە و توانرا بەهۆی ئەو ماددە جیاوازانەی کە تێیاندا داناوە باران ببارێنن، لەم چەند ڕۆژەی پێشتر لە دوبەی ئەم تەکنەلۆجیایە تاقیکرایەوە و، بووە هۆی باران بارین، ئەو وڵاتانەی کە ئەم تەکنەلۆجایە بەکار دەهێنن بریتین لە (چین، ئەندەنوسیا، ئێران، ئیسرائیل، کوەیت، دوبەی، سریلانکا، ئەمەریکا، کەنەدا، بولگاریا، فەرەنسا، ئیسپانیا، ڕووسیا، ئەڵمانیا، سلۆڤینیا، بەریتانیا، ئۆستڕالیا، مالی و نەیجیریا) ئەم تەکنەلۆجیایە بە زمانی ئینگلیزی پێی دەڵێن (cloud seeding) واتە بە تۆو کردنی هەور، زۆرترین ئەو ماددە کیمیاوییانەی کە لەم پرۆسیەدا بەکاردێت، بریتیە لە (کلۆریدی سۆدیۆم، کلۆریدی پۆتاسیۆم، کلۆریدی کالیسیۆم) کاتێك ئەم ماددانە بڵاو دەکرێنەوە بە شێوەی پرژاندن لە ناو هەوردا، گەردەکانی هەور زۆر بە ئاسانی لەگەڵ ماددە کیمیاویەکاندا یەك دەگرن و، دەبێتە هۆی زیادکردنی تیرەی دلۆپەکان، بەم جۆرەش دلۆپەکان قەبارەیان زۆر دەبێت و کێشیان زیاد دەبێت و، دەبنە باران و دەکەونە سەر زەوی.



## پەند و وتە

سیگمۆند فرۆید (پزیشکی دەمار)ی نەمسایە، لە ساڵی (١٨٥٦) لە شاری پریبۆر لە چیك لەدایکبووە و لە ساڵی (١٩٣٩) لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی کەسایەتیی هەستیار دەڵێت: ئەوانەی هەستیارن، ناتوانن گوزارشت لە هەستەکانیان بکەن، بۆیە پێیان باشە خۆیان بێدەنگ بکەن، یان لە مەڕ کێشە و گرفتەکاندا بێدەنگی بنوێنن.




## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا کۆمەڵێك ئوتۆمبێل بە ڕیز وەستاون، وێنەکە لەلایەك گیراوە، هەوڵدە بە سوود وەرگرتن لە ڕیزی ئوتۆمبێلەکان بزانیت ژمارەی ئوتۆمبێلەکان چەندن.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

داهاتووت بەرەو خۆشی دەچێت، بۆیە دڵنیابە لە خۆت و لە کارەکانت، بەم زووانە لەلایەنی پیشەییەوە زۆر دڵخۆش دەبیت، کار لەسەر پڕۆژەی گەورە دەکەیت و ئەمەش ئەزمونی زۆرت پێ دەبەخشێت، هەوڵبدە پشوویەك وەربگریت و لە بەرپرسیارییەتی دوربکەویتەوە.




### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە هەوڵبدە بە تیم کاربکەیت، ئەمەش تواناکانت بەرەوپێش دەبات و بیرۆکەی نوێت پێ دەدات، خۆشەویستیی خۆت نیشانی کەسانی دیکە بدە و، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێز بکە، لەلایەنی سۆزدارییەوە ڕەنگە خۆشەویستی ژیانت بدۆزیتەوە، هەربۆیە زیاتر چاوکراوە بە.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەوەی لە دڵتە بۆت دەبێت، بۆیە گەشبین بە و کار بکە بۆئەوەی کۆتایی بە گرفتەکان بهێنیت، نەك پشتگوێیان بخەیت و لە کاتێکی دیکە سەرهەڵبدەنەوە، ئەم ماوەیە نیگەرانیت، لەبەر ئەوەی شتەکان بە خواستی تۆ ڕوو نادەن، بەڵام بەمزووانە هەموو شتێك ئاسایی دەبێتەوە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

مەهێڵە خەونەکانت بە ئاسانی لە دەست بچن، کارەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە، لە ئێستادا کەسێکی زۆر باش و میهرەبان نیت، تەنها بیر لە خۆت دەکەیتەوە و کەسە نزیکەکانت پشتگوێ خستوە، وریابە ئەم ڕەفتارە زیان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت دەگەیەنێت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

شایەنی داهاتوویەکی باشتریت، بۆیە خۆت لە کێشەی کەسانی دیکەوە هەڵمەقوڵتێنە، ڕابردووت پڕ بووە لە تاڵی و ناخۆشی، ڕێگە مەدە وات لێ بکات بۆ داهاتو ڕەشبین بیت، پێویستە سەرنجت کۆبکەیتەوە و ئاگات لە ژیانی تایبەتی خۆت بێت، گومان لە تواناکانی خۆت مەکە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەرگیز بڕیار مەدە پێش ئەوەی دڵنیابیتەوە لەوەی چی ڕوودەدات، چونکە بۆ داهاتوو پەشیمان دەبیتەوە، کاتی ئەوەیە پەیوەندییەکانی ڕابردوت نوێ بکەیتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ هاوڕێکانی پێشوت، لە لایەنی پیشەییەوە لەسەر ڕێگەی سەرکەوتنیت، بۆیە لە هەوڵدان بەردەوام بە.